
**لە رابردوودا:**



# شاعیر بەردباران دەکرێت!

ئەسیری لە ساڵانی (1930 تا 1940) لە کەرکووك هەمیشە بەردباران دەکراو، نیشانەی توانج و پلارو جنێوو هەزاران کارەساتانی سووك بوو، چەند جارێکیش لێیان داوەو هەڕەشەی ئەوەیان لێ کردووە، کە بەکوردی هەڵبەست دانەنێ.

کوێراییم دابێ کە لەسەر دیواری خۆیانەوە بەردبارانیان کرد، چەند بەردێکی بەسەری کەوت، تا ئەندازەیەکی زۆر مێشکی تێکچوو، پزیشکان ترسی شێت بوونیان لێ دەکرد، کاکە ڕەشید سدقی، کە کەس‌و دۆست‌و برادەری هەمیشەیی بوو، ئامیر ئینزیبات بوو، بەشەو چەند عەسکەرێکی لە دەورووبەری ماڵی وان لە پەسیوداناو، ئەمری دا هەر کەسێکی بەو نزیکانەدا ڕەت بێ‌و بەردێکی بەدەستەوە بێ بیگرن‌و.. لێ بکەن.

بەڵێ کاکە ڕەشید خەمخۆرێکی راستەقینەی بوو هاتووچۆی پزیشکانی پێ دەکرد، وایان بە بەرژەوەند زانی بە چشتێکەوەی خەریك بکەن تا زۆر بیر لە خۆی‌و بێچارەیی خۆی نەکاتەوە، نەوەکو شێت بێ، لەسەر ئەو ئامۆژگارییەی کاکە ڕەشید گەلێك ڕۆژان دەیبردە راوو و فێری راوکردنی دەکرد، تاوەکو تەواو سەرو مێشکی هاتەوە سەرەخۆ، ئیتر لەم دواییەدا مەعرووف جیاووك کردییە سەرنووسەری دادگای (شەرعییە) و لەپاش چەندێکی خانەنشین کرا.

داخەکەم ئەسیری لە ساڵی 1962 لە کەرکووك کۆچی دوایی کردو، لە قسنی شێخ محێددین–دا نێژراوە.

*** ئەم بەسەرهاتەی ئەسیری–ی شاعیر لەسەر زمانی قالەی خوشکەزای ئەسیرییەوە لە دیوانی ئەسیری لاپەڕە 29 وەرگیراوە، کە کوردستان موکریانی ئامادەی کردووە.**